مێژووی مەلەوانی (تاريخ السباحة):

1- مێژووی مەلەوانی لەسەردەمی کۆن (تارخ السباحة في العصر القديم) :

ئادەمیزاد بەمەلەوانی ئاشنا بوو لەو کاتەی کەئاشنایەتی بەئاو پەیداکرد، سروشت ئادەمیزادی پاڵناوە بۆ ئەوەی فێری مەلەوانی بێت، چونکە ململانێ وشەڕو کوشتاری بەردام بەرۆکی گرتووە، ململانێ لەگەل سروشت وزیندەوەرانی بەمەبەستی پارێزگاری لە ژیان ودابین کردنی پێداویستەکانی مانەوەی لە ژیان.

ئەوەی پێویستە کەبیزانین دەربارەی مەلەوانی لەشارستانیەتیە کۆنەکان ئەوەیە کەخەڵکی گوند ودێهاتەکانی میسریە کۆنەکان کە کەوتبوونە سەر زێی نیل مەلەوانیان ئەنجامداوە، رەنگە هەر ئەو هەڵکەوتە جوگرافیە وای کردبێت کە میسریە کۆنەکان وەرزشی مەلەوانیان وەك رێگەیەك بۆ پەروەردەو پێگەیاندن ئەنجامدابێت، وەنەخشی سەر پاشماوە کۆنەکان کەمێژوویان بۆ (4000) ساڵ پێش لەدایکبوون دەگەڕێتەوە ئاماژە بەوە دەدەن کەمیسریە کۆنەکان گرنگیان داوە بەمەلەوانی، وەلەسالی (3000) پێش لەدایکبوون میسریە کۆنەکان زۆربەی جۆر وشێوازەکانی مەلەوانیان ئەنجام داوە تا ئەو ئاستەی کە کەسە دیارو ناودارەکانیان مەلەوانگەیان لەناو کۆشك وتەلارەکانیان دروست کردوەو بەگرنگیەوە منداڵەکانیان فێری وەرزشی مەلەوانی کردوەو، لە ساڵانی (1780– 1160) پێش لەدایکبوون مامۆستای پسپۆری تایبەتیان ئامادەکردووە بۆ ئەم بوارە، بۆیە لای میسریە کۆنەکان وەرزشی مەلەوانی بناغەو بنچینەی سەرەکی بوو لەپرۆگرامی فیرکردن وجەنگدا، هەروەها فێری ئەوە ببون کەچۆن پرۆسەی رزگارکردن ئەنجام بدەن کەلەئێستادا یەکێکە لەپێویستیەکانی وەرزشی ئاوی لەسەدەی بیست ویەك.

لەدوای ئەواندا شارستانیەتی دۆڵی رافیدەین دێت لەدوای ئەوانیش هۆزە کەنعانیەکان لەلوبنانی کۆن کەلەمێژوودا بەفینیقیەکان ناودارن وچالاکی جەستەیی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە بەتایبەتی وەرزشی سەوڵ لێدان ومەلەوانی وچونە ژێرئاو.

دواتر وەرزشی مەلەوانی شوێنەواری زۆری دانا لەسەر ئامادەکردنی جەنگاوەران لەلای ئیغریقیەکان، بەجۆرێك ئیغریقیەکان شوێن وجێگای تایبەتیان هەبوو بۆ ئەنجامدانی یارییە وەرزشیەکان کە ناسرابوو بەجمنازیوم وەشوێنی تایبەت وجیاکراوەیان هەبوو بۆ فێرکردنی منداڵان وتازەپێگەیشتوانی وڵاتەکەیان ئەم شوێنەشیان ناسرابوو بەبارسترا لەناویدا مەلەوانگەشیان دروستکردبوو، بەتایبەتی لە شاری ئەسینا.

دەربارەی رۆمانیەکانیش هاتووە کەخۆشەویستی زۆریان بۆ مەلەوانی هەبوو وەبەبەشێکی گرنگیان هەژمار دەکرد لە ئامادەسازیە جەنگیەکان. وەرۆمانیەکان یەکەم شارستانی بوون کەگرنگیاندا بەدروستکردن مەلەوانگەی گشتی بۆ بواری خۆشی وچارەسەرکردن، تادەرکەوتنی ئاینی مەسیحی کەرۆڵێکی نەرێنی بینی سەبارەت بەمەلەوانگە گشتیەکان وئەوان وایان دانا بەپێی ئاینی مەسیحی مەلەوانگەکان هەژمار دەکرا بەشوێنی دەرچون لەبەها ئەخلاقیەکانی بەهۆی تێکەڵیەوە تا ئەو کاتەی بەپێی بڕیاری پیاوانی ئاینی مەسیحی خودی مەلەوانی حەرام کرا.

هەرچی دەربارەی عەرەبەکانی پێش هاتنی ئیسلامە هاتووە کە ئەوان مەلەوانی وچوونە ژێر ئاویان زانیووە، بۆ مەبەستی بازرگانی وراوکردن ودۆزینەوەی مەرجان مەلەوانی فێرببوون، فێربوونی ئەو وەرزشە لە پێداویستیەکانی ژیانیان بووە بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیان ومانەوەیان لەسەر ئەو پیشەیەی کە لەباوانەوە بۆیان مابۆوە.

دوای دەرکەوتنی ئیسلام گرنگیدان بەوەرزش وپەروەردەی جەستەیی زیاتر دەرکەوت لەناویاندا وەرزشی مەلەوانی بوو، وەموسڵمانان هاندەدران فێری مەلەوانی بن لەبەر پێداویستی زۆریان لەکاتی شەڕو گەیاندنی ئیسلام بەخەڵك وولاتانی دیکە، ئەم گرنگیدانە بەوەرزش لەچەندین فەرموودە ئاماژەی پێکراوە لەوانە لەفەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتووە **(علموا اولادكم السباحة والرماية وركوب الخيل)** وەلەفەرموودەیەکی تر هاتووە **(حق الولد على والده ان يعلمه**

السباحة والرماية والقراءة) وەلە عومەری کوڕی خەتابەوە هاتووە (علموا غلمانكم العوم) وەعلی کور ابو تالب هانی موسڵمانانی داوە بۆ فێربوونی مەلەوانی ودەفەرمووێ (من تعلم و عام وضروب الحسام فنعم الغلام) وەهاتووە کەخەلیفە عبدالملك بە یەکێك لە زانایەکانی ووتووە بەناوی شعبی (علم ولدي العوم فانهم يجدون من يكتب عنهم ولا يجدون من يسبح عنهم) لەمێژوودا هاتوە کە لەیەکێك لە بەناوبانگترین شەڕەکان کە مەلەوانی تێیدا رۆڵی هەبووە لەساڵی (260) پێش لەدایکبوون شەری (الغربان) بووە لە دژی بەلەمەکانی (قرتا نجه) وە هەروەها شەڕەکانی الجسر و قادسیەی یەکەم و شەری خاچ پەرستان و شەری ژات الصواری.

2- مێژووی مەلەوانی لە سەردەمی نوێدا (تاريخ السباحة في العالم الحديث):

سەدەی شازدەهەم بەسەرەتایەکی نوێ دادەندرێ لەمێژووی مەلەوانی، لەساڵی (1538) وانەبێژی ئەڵمانی (نیکولاس وینمان) یەکەم پەرتووکی لەسەر مەلەوانی نووسی بەناونیشانی (گفتوگۆ دەربارەی هونەری مەلەوانی) تێیدا ئەوە روون دەکاتەوە کەچۆن فێرخوازێك فێری مەلەوانی دەبێت لەرێگای گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکەی وەشێوازی بۆقە مەلەی وەك نموونە هەڵبژاردبوو بۆ فێرکردن، دواتر لە ساڵی (1696) (تیفینو)ی فەرەنسی پەرتووکێکی تری لەپاریس بلاوی کردەوە بەناونیشانی (هونەری مەلەوانی) ئەو شێوە مەلەوانیەی کە لەکتابەکە ئاماژەی پێکردووە زۆر نزیك بوو لەسینگە مەلە، وەلەساڵی (1796) لە شاری اوبسالای سویدی یەکەم یانەی وەرزشی بۆ مەلەوانی دامەزرا، دواتر لەسەدەی نۆزدەم وبیستەم وەرزشی مەلەوانی زیاتر تەشەنەی سەند، لەساڵی (1805) بەدواوە چەندین پەرتووك دەربارە مەلەوانی نووسراو بلاو کرایەوە، لەساڵی (1816) پەرتووکێکی وانەبێژ (جون فروست) بلاو بویەوە کەتێیدا باسی سینگە مەلەی کرد، لەساڵی (1878) لەئینگلترا یەکەم پێشبڕکێی مەلەوانی (100 یاردە) لەناو مەلەوانگە ئەنجامدرا.

وەلەیەکەم خولی ئۆلۆمپی ساڵی (1896) کە لەئەسینا رێکخرا مەلەوانی خرایە پرۆگرامی پێشبڕکێکان وەك یاریەکی سەرەکی بەشداربوو وبەسێ ماوە (100 م – 500م – 1200م) لەجۆری مەلەوانی سەربەست، وەلەساڵی (1904) وەلەخولی سێیەمی ئۆلۆمپی سینگە مەلە بۆ ماوەی (400 یاردە) زیادکرا، وەلەساڵی (1908) یەکێتی نێو دەوڵەتی مەلەوانی (F.I.N.A) دامەزرا لەشاری لندن وەچەندین یاسایای نێودەوڵەتیان نووسیەوە بۆ یاریەکانی (مەلەوانی وخۆنقوم کردن وتۆپی ئاو) بەمەبەستی رێکخستنی پێشبڕکێی نێودەوڵەتی وئۆلۆمپیەکان، وەلەساڵی (1912) لەخولی ئۆلۆمپی ستۆکهۆڵم بۆ یەکەم جار ئافرەتان بەشداریان پێکرا بۆ ماوەی (100 یادرە) لەمەلەوانی سەربەست تا ساڵی (1924) وەپاشان لەخولی ئۆلۆمپی پاریس سینگە مەلە بۆ ماوەی (200م) خرایە ریزی پێشبڕکێی تاییەت بە ئافرەتان دواتر لەساڵی (1968) لەخولی ئۆلۆمپی مەکسیك سینگە مەلە بۆ ماوەی (100 م) زیادکرا بۆ هەردوو رەگەز.